# ئاینی عەشق

خۆشناو مەریوانی
٢٠١٦ پاریس

لەبارەی فەیلەسوفەکانی پێش هاتنی کریست:
بە ناوبانگەکانیان: لەسوکراتەوە (٣٩٩- ٤٧١) دەست پێدەکات. دوابەدوای سوکراتی مەزن: قوتابێکانی لە پێش هەمویانەوە، ئیفلاتون نزیکەی پێنج سەدە پێش کریست دەست پێدەکات.
پلاتون Plátôn، ٤٢٧– ٣٤٨،
ئەرستۆAristophane ، ٤٤٥ – ٣٨٥،
ئەبیکورÉpicure ٣٤٢ - ٢٧٠
مەولانای رۆمی لەروانگەی سوکراتی مەزن و فەیلەسوفەکانی یۆنانی پێش کریست، یان " پێش پەیمانی نوێ یان بیبل
" nouveau testament " لە ژێر هۆکاری بیر و باوەری قوتابییەکانی سوکراتی مەزنەوە، دژی دەسەڵاتی تاکرەوی و دیکتاتۆری دەسەڵاتی ئیبراهیمی کاتی خۆی بۆتەوە.
هۆنراوی زۆری لەم بارەیەوە نوسیووە. فرە چیرۆکی پڕ حەکیمانەی لە کیتابی مسنەویدا لۆگێراوینەتەوە، زانستی دارشتنی بیرسازی بەئارشیتەک تییەکی جوان بۆ نمایش کردووین. فرە داکۆکی لە گەرانەوەی ئەسڵی مرۆڤ بۆ رۆحی هەڵکەنراوی لە گیان وبەدەن کردووە، بەواتایەکیتر (بە عەشق یەک بوون).
بە ئامرازی ئەڤین یەکبوون دەهێنێتە دی. گللەی لە ژیانی ئەورۆدەکات، مرۆڤ لە ئەسڵی خۆی هەڵکەنراوە.
چارەسەری یەک گرتنەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئەسڵی خۆی بە ێگای ئەڤین دەیکات، کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ئەڤینی دۆزینەوەی ئەسڵە ونبووە کەیەوە، یان دەیەوێت لە ناڵەی جودای و بێ رۆحی رزگاری ببێت. ئاشقی یەکبوون و یەگرتنەوەی رۆح و گیان بووە، بە وێژەیەکیتر. یان بەزبانی جەلالەدینی رۆمی عاشقی نورووشەمش بووە.
خامۆشی دیاردەی زەبرو زەنگی رۆژ(شمس) ئاوا بوونە.بۆ تێگەیشتن لە جەرەیانی بیری مێژووی و میتافیزیا لە مێژووی بیردۆزیدا، فەرزە لە هاتنی بیری ئیبراهیمی (پەیمانی یەکەم) و شۆرشی بیردۆزی بەسەر بیری ئیبراهیمی و هاتنی سوکرات وئیفلاتون تێبگەین. ناتوانین بە چ جۆرێک لە مەولانای رۆمی تێبگەین ئەگەر بە (پەیمانی یەکەم، تەورات، وقورعان) بیرکەینەوە. چونکە هاوکێشەکان لە کن مەولانا زۆر بە ماتماتییەکی ئاسان نمایشی کردوون. چاوی کەرامات، دەروێشی، نەسوتاندن، سەمای دەرویشی درۆدەلەسە لە فەلسەفەی عەشقی مەولانا پێویستە دور بخەینەوە.
جەنگم لە گەڵ کەس نییە،
کەس جەنگی لە گەڵم نییە،
لە یەزدان ناترسم،
لەوە ئەترسم

دڵی کەسێکیتر برەنجێنم.
لەجەهەنم بۆ بترسم، گەر تێکۆشانم بەعەشق بۆ یەکبوونی رۆح و گیان بێت. گەر ئامانجم بەهەشتی عەشق بێت. لێرەوە لە ئاینی ئیبراهیمی و ئاینی حامورابی دور دەکەوێتەوە، بگرە دژایەتییان دەکات.
عەرەبە موسلمانەکان و جولەکەکانی کیتابی تەورات یان(پەیمانی یەکەم)، بیری شۆرشی ئاینی عەشقی فەلسەفەی شارستانی ئەسینا و یۆنانی چوار سەدە پێش زاین نابینن. ئاینە ئبراهیمییەکان ئەگەر راستی و حەقیقەتی بیری عەشقی سوکرات و ئیفلاتوون تێبگەن ئاینەکەیان(ئاینی ئیبراهیمی)هەڵدەوەشێتەوە و لێیدەتۆرێن، چونکە بیری براهیمی لەسەر کۆڵەکەی ترس لە جەهەنم وبەرتیلی بەهەشت دامەزراوە، لەگەڵ گەندەڵی و پیاوکوژی خەلیفەکان دامەزراوە.
کیتابەکانی (پەیمانی یەکەم، تەورات وقورعان) لە ناوەرۆکدا هەرسێکیان یەک کیتابن، تەرجومەیەکی حەرفی بۆ
زمانەکانی لەکاتی خۆیدا بوونیان لە ناوچەکەدا هەبووە، ئارامی، عیبری و عەرەبی کراون.
ئاینی کریستانی بە نۆسەد ساڵ پێش هاتنی عیسا لە ناوچەی نەزارێت دا بوونی هەبووە ولەسەر قوری ئاجیل ئاسەواری چەندەها دەست خەتی کیتابی پەیمانی یەکەم دۆزراونەتەوە. ٣٠ سەدە لەمەوبەر بوونیان هەبوون، جوولەکە و مەسیحی بەیەکەوە ژیاون و یەک ئاینیان هەبووە. ئاینی کیتابی بوون و کیتابەکەیان(پەیمانی یەکەم)، هاوکات ناویان مێسی بووە.
لە پێش هاتنی کریستەوە، بەچوار سەدە:
واتە (٢٥ سەدە) لەمەو بەر، پەیمانی یەکەم، کەوتۆتە ژێر گفتوگۆی فەیلەسوفەکانی یۆنانەوە. سوکرات ٣٩٩ پێش کریست، لە ئەثینادا بە زەهر خواردن دادگای کرا. خاوەنی بیری عەشە(عەشقی ئیفلاتوونی، بروانە کیتابی خوانێک. Le Banquet)، قوتابییەکەی جێیگرتەوە. سوکرات دژی نوسینەوەی میمۆری خودی بیردۆزییەکەی بوو.
سوکرات دەی بینی میمۆری مرۆڤ لە لەشی جودا ببێتەوە، رۆحیی بیر و باوەرەکەی دەمرێت. بۆیە نوسینێکی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت. ئەوەی هەیە!! قوتابێکانی نوسیویانەتەوە بەتایبەتی ئیفلاتوون چەند قوتابییەکی تر بوون، بیری مامۆستاکەیان نوسییەوە.
بیری سوکرات گەرانەوەی مرڤ بۆ یەکبونی (رۆح و گیان) لە ئاکامدا بە عەشق "عەشقی ئەبەدی" بەرهەم دێت. بە تایبەتی فەلسەفەی عەشق ژیانی نەمری مرۆڤی بەرجەستەدەکات.
- یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانە بۆتە هۆی هاتنی کیتابە کانی (پەیمانی نوێ)ی کریست و خودی کریست بێتە ئاراوە:.
فەیلەسوفە هەرە بەناوبانگەکانیان:
سوکرات، ئیفلاتون، ئەرستۆ و زۆرێکی تریانن.
لە زۆربەی کنیسەکاندا، دوو سەد ساڵ دووای هاتنی کریست، (کیتابی پەیمانی کۆن) پشت گوێ خرا. هەروەها لە هەندێ ناوچەی دنیای ئاینی مەسیح دا، کاتی خۆی قەدەغەکرا. لەبەر ئەوەی کیتابی پەیمانی کۆن، تەورات و قورعان ویەکبون لەسەر بنەرەتی ترس لە ئاگر و دۆزەخ دێنێتەدی. لە فەلسەفەی ئیفلاتووندا بە پێچەوانەوە، یەک بوون لەسەر عەشق بنیات نراوە. دواکات کاری لە ئاینی مەسیح کردووە وکریستیانی نوێ، وەک ئاین و بیری نوێ لەدایک بووە.

مەولانا و مەزنی مەولانا لەوەدایە: بیری سوکرات وقووتابییەکەی ئیفلاتوونی بە هۆنراوەی عەشق دەربریوە. فەلسەفەی یۆنان بەگشتی، لەسەر بیری دیموکراسی و خۆشەویستی و عەشق دامەزراوە. تیۆریەکانیان دەربارەی سیاسەت دژی دەسەڵاتی " تیرانی"، دیکتاتۆری وتاکرەوی لەسەر هەمان

فەلسەفە پیادە کردووە.
مەولانا بە شانۆگەری شیعری: بیری ئیفلاتونی بەرجەستەکردووە..

لە هۆنراوەی شوان و موسادا دەڵێت:
.------------------------------------
ئەی خودا تۆ لە کوێیت؟
دەمەوێت ببم بە خزمەتکارت.
ئەتوانم جلت بۆ بچنم، بیکەیتە بەرت
جلەکانت بۆ بشۆم
تا ئەسپێکانت لێ دوورکەونەوە.
شوێنی نوستنتان بۆ ئامادەکەم،
بەهیووام، هەموو بزنەکان ببن بەهی تۆ
شیری بزنەکانت بۆئامادەکەم.
تا بیخۆنەوە
مەرەکانتان بە قوربان دەکەم،
ئەی خودا تۆ لە کوێیت؟،
ئەی خودایە تۆ لەکوێی لە گەڵت بخۆمەوە.
من لە گەڵ خوا ئاشناکەی خۆمم.
من لە گەڵ خوای مەرە سپێکانم،
لە گەڵ خوای گورگەکانم،
کە مەرەکاننی خودا دەخۆن.
دەگەڵ خواکەی خۆم...دەخۆمەوە.
---------------------------------
نوسراوەکەم ئاکامی خوێندنەوەی کۆمەڵە کیتابێکن، بەتایبەتی کیتابی، پووختەی نوسراوێکە لە قەبارەی نامێلکەیەکی بچوکدا.

Leili Anvar - Rûmî, La religion de l’amour - Québec
https://www.youtube.com/watch?v=UWeI0ND08Qk
https://www.youtube.com/watch?v=_TV3zYFe6RU